# من - با - م

ئەنوەری ڕەشی عەولا
(فینلاند)


بێ لاقرتێ... بەڕاشکاوی بیڵێم: من- با-م
لە کەڵکەڵەکانی خۆمەوە دەست پێ دەکەم، دوور
لە خۆ وەستان،
ڕاهاتووم بەوەی: لە ڕۆیشتنەکانمدا جارێکی تر
بەو شێوەیەی هەبووم؛ نایەمەوە!

هێشتا هەناسەیەکی پاکم نەداوە، قوونم توێتکەی
نەخواردووە، بێسرەوت... خودلێخوڕ و
وێڵگەرد و
نائارام؛ دۆش داماو خۆم هەڵدەڕژێنمەوە،

نەدەتوانم ژێرەوژوور؛ لە ناکاوێکڕا لە خۆم هەڵبێم و
گوزەر بکەم.. نە ئەوەی: بۆ هەتاهەتایە
بەدەم و پلی شکاومەوە؛ چاوپۆشی لە ڕووشکێنی و
سەرشکێنی و
دڵشکێنییەکانی زەمانە بکەمەوە.

بەو هەموو برین و حەمامی خوێناوەی
بەسەروگوێلاکی گیان و دڵمەوەن؛
ماڵ بەبار و لێوبەبار؛ هەرچیەک بێ وەستانم نییە.
لە هەموو شوێنێکم و
لە هیچ شوێنێکیش نیم!

ئەوەی لە من ڕووی دا؛ ئەوەبوو: خودا بەو
بێمەراقییەی خۆیەوە، بێ پرس و ڕاوێژێک،
فووتێکراو، بەندەی بێسیمای سپاردە دەست
نادیاریی... دنیایەکی بێ پایان و بێ مەودا



لەوێڕا... چەند هاوار و لوورە لوور،
چەنێ بەنێو ئازارە بێ مەرزەکانی خۆمدا هەڵزنام
و داد و بێدادم بوو، لوولم خوارد، نەبینرام و نەبینرام!

ڕاستی... ناتوانم هیچ بەڵێنێکی تەبا و ڕەبا؛ بە
دۆستە دێرینەکانیشم ئاو و ئاگر و خاک بدەم،
کە باش باش دەمناسن، هێشتا شڕوشیتاڵی
پۆشاکەکانم بە تەنافی یادوەرییەکانیانەوە
هەڵواسراون و دەشەکێنەوە.

ئا... بێ پێ لێ هەڵبڕین، حەزمە ببمە: ئەو
(نەرمە بایەی لەڕووی ئاوی ڕوح دەدا بە ئەسپایی)
مینا خانم خاسێکی ( قژ کاڵی لێو ئاڵی پڕشنگی
نیگا کاڵ) سووک لەسەر لەپی خاک و گوڵی
(سەرگۆنا نەختێ ئاڵی) لالەزاران پێ دابنێم و
لەنێو ئاگری عیشقی خۆمدا قەقنەسانە بسووتێم و
بوار بە فڕینی خەیاڵدانم بدەم.
مادام نە بۆن دەکرێم
نە دەستم لێ دەدرێ و
نەچەپک دەکرێم
نە دەبینرێم...
دەیسا... بێ دەستەودامێن، چش لەوەی بۆ چ
شوێن و ناشوێنێکم دەبەن.
لە نێوان کەللەوەشاندن و شەڕەقۆچی ئاو و ئاگر
و خاکدا، منی با؛ چیم و و ددانی ڕۆژگار چۆن
دەمکرۆژێ و دەمپروێنێ... پێ نازانن!.

با وا بێ، منی وێڵبا لە هەر سەرەڕێیەکیشدا بێ،
سەرەتا و کۆتایی خۆمم
نا.. نا، بەو ڕادەیەش بێ کێش و دەست و پێ
سپی نیم،
دەرکەوانێکم، لە ڕێی گەڵاڕێزانێکیشەوە بێ؛

لە هەر هەڵدێرێکدا، کە تووشم دێ،
بە دەستی کۆڵەواری خۆم،
هێور.. هێور و بێ منەت؛ تەنیاییەکانی خۆم،
بەخۆمدا سەردەخەم و هەڵدەگرمەوە

سەروەختێکیش ، کە بێ هۆشم و بەلای ڕاست و چەپدا
دێم و دەچم
هەتا لەهیچ زەویوزارێکی غەریبەدا؛ لە بەیت و
بالۆرەی خۆم نەناس نەکەومەوە.

گەرچی گەڕیدەم، لێ لە خێوەتگە کەسنەزانەکەی
خۆمدا، لە پەلوپۆ نەکەوتووم
بێ ئەوەی سەرخەوێک بشکێنم
دەبێ دەوروخولی خۆم بدەم و
چاوم لەسەر لانەوازییە بێکەسەکەی خۆم بێ.
نابێ لە هیچ جێیەک بۆ مەودایەکی درێژ
بمێنمەوە،
ئەگین هەناسەم تەنگ دەبێ و دەخنکێم و
بەسەر بۆنی ناخۆشی خۆم لاردەبمەوە

پیاو زۆر بە تەماع نەبێ
هەتا تەواو بە فیڕۆ نەچووم و مەحف
نەبوومەتەوە، بەسمە.. لە ڕێی باوەشێنێک کە
مەحبووبەم، جارجارێک خۆی پێ فێنک دەکاتەوە
بەچاو قاییمیەکەوە،
لە نێو بۆنوبەرامەی بسکەکانیدا، هەناسەیەک
بدەم و
ئا لەوێدا... ئاراستەی سەماکانم ڕاڤە و گۆرانییە
نەبیستراوەکانی کە لە هەست و سینەمدا بڵاچە دەدا،
بە کێش و سەروای ئیلاهییانەوە، لەسەرزارم
سەرڕێ بخەمەوە.